1

ئادار
202

# هاوپەیمانی تۆڕ و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان لە عێراق

## بەرنامەی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان - عێراق

ڕاپۆرتی
چاودێری چوارچێوەی یاسایی
بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی
کوردستان - عێراق
٢٠٢٤

## هاوپەیمانی تۆڕ و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان لە عێراق

هاوپەیمانی تۆڕ و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان بۆ بەدواداچوونی هەڵبژاردن لە عێراق: دەستپێشخەرییەکی کۆمەڵگەی مەدەنییە بە ئامانجی بەهێزکردنی دیموکراسی و شەفافیەت و بێگەردی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، ئەم دەستپێشخەرییە چەندین تۆڕ و ڕێکخراوی ناحکومی لەخۆدەگرێت کە لە بواری چاودێری هەڵبژاردن و هۆشیاری هەڵبژاردن و بەشداری مەدەنی کاردەکەن ، ئەم هاوپەیمانییە هەوڵدەدات ڕاسپاردە و پێشنیاز پێشکەش بکات بۆ باشترکردنی چوارچێوەی یاسایی و لایەنەکانی ڕێکخستن و تەکنیکییەکانی هەڵبژاردن لە عێراق، هەروەها بەهێزکردنی ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکاندا.

هاوپەیمانی لە ڕاگەیەندراوەکەیەوە دەستیکردووە بە چاودێریکردنی قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن، وەک تۆمارکردنی دەنگدەران، یان پرۆسەی دەنگدان بۆ دەنگدانی تایبەت و گشتی. مەبەست لەمەش جێبەجێکردنی ئامانجەکانیەتی کە گرنگترینیان چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنە لە عێراق و هەرێمی کوردستان، تەنانەت پێش ڕاگەیاندنی هاوپەیمانییەکە تۆڕ و ڕێکخراوەکانی سەر بە تۆڕەکە هاوپەیمانی چاودێری ڕەوتی پرۆسەکانی هەڵبژاردنیان کردووە لە عێراق لە ساڵی 2005ەوە. ئامانجی ئەم چاودێریکردنە ئەوەیە کە ڕوونی بکاتەوە هەڵبژاردنی عێراق تا چەند پابەندە بە ستانداردە نێودەوڵەتییەکان لە بێگەردی و شەفافیەتی هەڵبژاردنەکان و ڕادەی جێبەجێکردنی بڕگەکانی دەستوور و یاسای هەڵبژاردنەکان، و دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێزەکان و لاوازەکانی قۆناغەکانی خولی هەڵبژاردنەکان.

# پێشەکی

چوارچێوەی یاسایی توخمێکی جەوهەری بۆ هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن پێکدەهێنێت، بەو پێیەی شەرعیەتی پێدەبەخشێت و ڕوونی و تەواوەتی و کوالیتی و واقیعی ئەم چوارچێوە یاساییە زۆر لە سەرکەوتن و متمانەپێکراوی پرۆسەی هەڵبژاردندا ڕەنگدەداتەوە. ئەم چوارچێوە یاساییە لە دەق و ڕێسا و ڕێنمایی و بڕیارەکانی ئیدارەی هەڵبژاردن دەستووری و یاسایی هاوتەریب لەگەڵ بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا سەرچاوە دەگرێت.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە بڕیارە لە 10ی حوزەیرانی 2024 ئەنجام بدرێت، بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (50)ی ساڵی 2024 کە لە 2024/3/3 دەرچووە، ئەمەش لە دوای کێشمەکێشمێکی گەورەوە هات پەیوەست بە جیاوازییە سیاسییە توند و گەرمەکانی نێوان هەردوو حزبە سەرەکییەکە دەبینرا.سەرکردە سەرەکییەکانی هەرێم سەبارەت بە هەندێک بابەت لە یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردن ژمارە 1ی ساڵی 1992، کە دیارترینیان ناوچەی هەڵبژاردنن، پشکی کەمینەکان ، و پێکهاتەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێم دوای و تەواوبوونی ماوەکەی و کۆتایی هاتنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و تەواو بوونی درێژکردنەوەکەی.

پەنابردن بۆ دادگای باڵای فیدراڵی ئەم هەڵبژاردنانەی کردە یەکێک لە هەڵبژاردنە مشتومڕاوییەکان، بەو پێیەی دادگا، دوای چەند دواخستنێکی یەک لە دوای یەک، بڕیارێکی لەو بارەیەوە دەرکرد، بەژمارە ٨٣ و ژمارە ١٣١ و ١٨٥/فیدراڵی/٢٠٢٣، لە 21/2 /2024، هەموارکردنەوەکە سیستمی هەڵبژاردن کە لە یاسای ژمارە 1ی ساڵی 1992ەوە سەرچاوە گرتبوو و کاریگەری لەسەر نەخشەی هەڵبژاردن و پێکهاتەی هاوپەیمانییەکانی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان هەبووە.

بڕیاری ئاماژە پێکراو، ڕێبازێکی نوێی بۆ دادگای باڵای فیدراڵی لە پێشینەیەکی مەترسیدار و بێهاوتاوە هێنایە کایە بەشێوەیەك تایبەتمەندییەکانی چوارچێوەی یاسایی بۆ ئەم هەڵبژاردنانە گۆڕی بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە 1ی ساڵی 1992 ی هەوارکراو. ئەم بڕیارە کاردانەوەی جیاوازی لەسەر گۆڕەپانی کوردستان بەدوای خۆیدا هێنا، هەروەها ناڕازیبوونی ئەو لایەنانەی لێکەوتەوە کە سوودمەند بوون لەو یازدە کورسییەی کە بۆ پشکی کەمینەکان لە هەرێمدا تەرخانکرابوون کە لە مادەی ٣٦ لە یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢دا ئاماژەی پێکراوە . هەندێک ئەم ڕێبازە نوێیەیان وەک پێشێلکارییەکی ڕوون و ئاشکرای دادگای باڵای فیدراڵی لە دەسەڵاتی دادوەری عێراق لێکداوەتەوە کە لە دەستووری کۆماری عێراقدا بۆ ساڵی 2005 ، بەتایبەتی مادەی 92ی ئەو دەستورە و پێشێلکارییەکی ئاشکرای پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە تێیدا هاتووە لە مادەی 47 یان باشتر بڵێین دەسەڵاتی یاسایی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وەك نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستانی عێراق، کە لە مادەکانی (121، 141)ی دەستووری کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005 ئاماژەی پێکراوە.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەموارکردنەوەی ماددە تایبەتەکانی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم و پەسەندکردنی بەدیلەکانی یاسایی و زیندووکردنەوەی ماددە یاساییە هەڵوەشاوەکان، پێشینەیەکی نوێیە کە لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری دادگا باڵاکانی فیدراڵیدا ناگونجێت، کە لە لێکدانەوەی دەقە دەستوورییەکان و هەڵوەشاندنەوەدا بەرجەستە بووە دەقی یاسایی دژبەیەک یان ناکۆک لە چوارچێوەی چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکاندا.

## دەستپێك

چوارچێوەی یاسایی بنەمای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیموکراسی دابین دەکات، بەو پێیەی ڕێڕەو و فۆرم و پێکهاتەی پرۆسەی سیاسی بە گشتی دیاری دەکات، چوارچێوەی یاسایی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت (کۆمەڵێک یاسایە کە پەیوەندییان بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە هەیە یان کاریگەرییان هەیە بە هەر شێوەیەک بێت ، کە بە شێوەیەکی سەرەکی دەستوور و یاساکانی هەڵبژاردن و یاسا پەیوەندیدارەکانی دیکەی وەک یاسای حیزبە سیاسییەکان لەخۆدەگرێت وە یاسایی ڕێکخستنی دەسەڵاتی یاسادانان و ڕێساکانی و کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردن و بەڵگەنامەکانی شەرەف)

هەموو وڵاتان سورن لەسەر پەرەپێدانی چوارچێوەیەکی یاسایی کامڵ بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی و ڕێکخراوی پرۆسەی هەڵبژاردن، چوارچێوەی یاسایی پشت دەبەستێت بە:

1. دەستوور: زۆرێک لە وڵاتان بە عێراقیشەوە کاردەکەن بۆ ئەوەی بناغە گشتییە سەرەکییەکان و کۆنترۆڵە گشتییەکان لە دەستوورەکانیاندا جێگیر بکرێن، تا پرۆسەی هەڵبژاردن سەقامگیرتر بێت، بە پێدانی پارێزبەندی دەستووری، ئەمەش وادەکات گۆڕینی سروشتی خۆی قورس بێت، لە نمونەی ئەم کۆنترۆڵانە ئیدارەی هەڵبژاردن و سیستەمی هەڵبژاردن و مافی دەنگدان لەخۆدەگرێت، ئەم کۆنترۆڵانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بەپێی تایبەتمەندی کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی دەگۆڕێت، دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ باسی هێڵە گشتییەکانی کردووە و هێڵکاری پرۆسەکە دەخاتە ڕوو، باقی وردەکارییەکان بۆ یاسادانەر جێدەهێڵێت، وەک لە مادەی (٤٩) ئاماژەی بە خاڵە گرنگەکانی وەک (ڕێژەی و ژمارەی کورسییەکان، مافی دەنگدانی گشتی نهێنی ڕاستەوخۆ، مەرجەکانی کاندید و دەنگدەر، نوێنەرایەتی ژنان، و گۆڕینی ئەندامان) و ڕێکخستنی وردی ئەم پرسانە ڕەوانەی دەسەڵاتی یاسادانان کراوە .مادەی (١٠٢)ی دەستوور تەنها کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقی بە دەزگایەکی سەربەخۆ داناوە کە کەوتۆتە ژێر چاودێرییەوە لە ئەنجومەنی نوێنەران، و کارەکانی بە یاسا ڕێکدەخرێن.
2. یاساکانی هەڵبژاردن: یاسای هەڵبژاردن ئەو چوارچێوەیەیە کە چوارچێوەی پرۆسەی هەڵبژاردن دیاری دەکات، بەو پێیەی یاسای هەڵبژاردن پرۆسەی هەڵبژاردن لە لایەنە جۆراوجۆرەکانییەوە ڕێکدەخات،

وەک ڕێکارەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران، مەرجەکانی کاندیدکردن، هەروەها باس لە بابەتەکانی دیکە دەکات وەک بانگەشەی هەڵبژاردن، هەڵبژاردن سیستەم و پارتە سیاسییەکان و بازنەی هەڵبژاردن و چۆنیەتی دەنگدان، بەم پێ یەش یاسای هەڵبژاردن چوارچێوە دروست دەکات کە بە پێی ئاستەکانی نێوان هێزە سیاسییەکان و ئایدۆلۆژیا دژبەیەکەکان بەردەوام دەگۆڕێت. چوارچێوەی یاسایی پرۆسەی هەڵبژاردن کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی متمانەی دەنگدەران بە پرۆسەی هەڵبژاردن. ئەمەش ئەوەیە کە یاسادانەری عێراق پێش هەر خولێکی هەڵبژاردن سورە لەسەر ئەنجام دانی، بە دەرکردنی یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن یان هەمواركردنەوەی یاسای بەرکار، لە هەمان کاتدا کەمتەرخەمی نەکردن لە یاساکانی تر کە بەشدارن لە تەواوکاری چوارچێوەی یاسایی، وەک یاسای حزبەکان و هەڵبژاردنەکان یاسای کارگێڕی.

3- ڕێسا و کۆنترۆڵەکان دەکرێ لەلایەن دامەزراوە تایبەتەکانەوە دەربکرێن کە ڕاسپێردراون بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان، ئەم ڕێسا و کۆنترۆڵانە لە ئاستێکی نزمترن لە یاساکان، ئەم ئەرکەش بە یەکێک لە دەسەڵاتەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دادەنرێت.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانکاری و پێشهاتانەی پێشتر باسمان کرد، چوارچێوەی یاسایی ئەم هەڵبژاردنانە لەم بابەتانەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:

## میحوەری یەکەم: دەقە دەستوورییەکان لە دەستووری کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005

1- پێشەکی: تەکفیر و تیرۆر هەڵاوێر نەکراون... و پەیڕەوکردنی ڕێگاکانی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات... و پێدانی دەرفەتی یەکسان بە هەمووان.
2- مادەی (5) : سەروەری یاسا و گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکان و شەرعیەتیانە، بە دەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆی گشتی و لە ڕێگەی دامودەزگا دەستوریەکانییەوە جێبەجێ دەکرێت.
3- مادەی (6) گواستنەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە ڕێگەی ئەو ڕێگە دیموکراسیانەی کە لەم دەستوورەدا هاتووە ئەنجام دەدرێت.
4- مادەی (20): هاووڵاتیان، ژن و پیاو، مافی بەشداریکردنیان لە کاروباری گشتی و بەهرەمەندبوونیان لە مافە سیاسییەکان هەیە، لەوانەش مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و کاندیدبوون.
5- مادەی (38) یەکەم: دەوڵەت بەپرسیارە، بەبێ زیانگەیاندن بە نەزم و ئەخلاقی گشتی: ئازادی دەربڕینی بۆچوونی مرۆڤ بە هەموو شێوەیەک گەرەنتی دەکات.
6- مادەی (39):
7- یەکەم: ئازادی دامەزراندنی یان پەیوەستبوون بە کۆمەڵە و حزبە سیاسییەکان مسۆگەرە، ئەمەش بە یاسا ڕێکخراوە.
8- دووەم: دروست نییە هیچ کەسێک ناچار بکرێت پەیوەندی بە هەر حزب و کۆمەڵە، یان قەوارەیەکی سیاسی بکات، یان ناچاری بکرێت بەردەوامبوونی ئەندامێتی تیایدا.

9- مادەی (46): پیادەکردنی هەر یەکێک لەو ماف و ئازادیانەی کە لەم دەستوورەدا ئاماژەیان پێکراوە، ناتوانرێت سنووردار یان دیاری بکرێت جگە لەوەی لەسەر بنەمای یاسایەک، بەمەرجێک ئەو سنووردارکردنە کاریگەری لەسەر جەوهەری ماف یان ئازادی نەبێت .

## میحوەری دووەم: چوارچێوەی یاسایی

1- یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە 1ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو، بە هەموو بڕگەکانییەوە، جگە لەو مادانەی کە بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق هەموار کراون یان هەڵوەشێنراونەتەوە.
2- فەرمانی دەرچووی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە 50ی ساڵی 2024.
3- یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە 17ی ساڵی 1993ی هەموارکراو.
4- یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارە 31ی ساڵی 2019ی هەموارکراو.
5- یاسای فیدراڵی بۆ حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان ژمارە (36)ی ساڵی 2015 بە پێی سیستمی (سکاڵا و تانە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان) ژمارە (8)ی ساڵی 2024.
6- یاسای هەموارکراوی یەکەمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارە (31)ی ساڵی 2019.

## میحوەری سێیەم: پەیڕەو و ڕێنماییە دەرچووەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق سەبارەت بە هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

1- سیستەمی متمانەپێکردنی چاودێرانی ناوخۆیی هەڵبژاردنی ژمارە 3ی ساڵی 2023.
2- پەیڕەوی هەڵمەتی هەڵبژاردن ژمارە (2)ی ساڵی 2023.
3- سیستمی تۆمارکردن و پەسەندکردنی لیستی کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە 7ی ساڵی 2024.
4-سیستەمی ڕاگەیاندن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ژمارە 5ی ساڵی 2023.
5- یاسای بریکاری کاندید و حزب و هاوپەیمانی سیاسی ژمارە 6ی ساڵی 2023.
6- سیستمی سکاڵا و تانەدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە 8ی ساڵی 2024.

7- سیستمی دەنگدان و ژماردن و ڕیزبەندی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە 1ی ساڵی 2023، بە بڕیاری ژمارە (4)ی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆنوسی نائاسایی ژمارە (15) لە بەرواری 3/13 /2024.
8- ڕێنماییەکانی هاوپەیمانی نێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2024.
9- ڕێنمایی پەسەندکردنی بریکاری لایەنە سیاسییەکان و هاوپەیمانیەکان و کاندیدی تاکەکەسی بۆ هەڵبژاردنی 2024ی هەرێمی کوردستان- پەرلەمانی عێراق.
10- تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە کۆمسیۆن سیستەم و ڕێنمایی بۆ دابەشکردنی کورسی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەرنەکردووە.

## میحوەری چوارەم: چوارچێوەسازی نوێ لە ژێر ڕۆشنایی بڕیاری دادگای فیدراڵی ژمارە 83 و یەکانگیری ژمارە 131 و 185/فیدراڵی/2023 لە بەرواری 2024/21/2.

بەپێی ناوەڕۆکی بڕیارەکەی دادگا کە پێشتر باسمان کرد، گۆڕانکاری لە تایبەتمەندییەکانی چوارچێوەی یاسایی ئەم هەڵبژاردنەدا هەیە کە بەپێی اجتهادی مشتومڕاوی دادگا بەڕێوەدەچێت، بەم شێوەیە:
1- ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە 100 کورسی پێکدێت.
دوای بڕیاردان لەسەر نادەستووریی دەستەواژەی (یازدە) کە لە ماددەی یەکەمی یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 1992دا هاتووە ، وە پێشنیارکردنی دەق جێگرەوە بەم شێوەیە: (پەرلەمانی کوردستانی عێراق لە سەد ئەندام پێکدێت).
2- سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.
دوای بڕیاردان لەسەر نادەستووری دەستەواژەیەک لەژێر برگەی (4) لە ماددەی (2) یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن ژمارە 11 ی ساڵی 2007، تا پێکهێنانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕیفراندۆم بۆ کوردستانی عێراق کە لە ماددەی (شەش/یەك) ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992 دا هاتووە. بڕیاری دا بە نادەستوری بوونی ماددەکانی شەشەم و حەوتەمی ئەو یاسایەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، کە باس لە پێکهێنانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێم و تایبەتمەند بە سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن دەکات. دادگاکە دەق جێگرەوەی پێشکەش کرد بەم شێوەیەی خوارەوە:
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان جێگەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆ سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان.

3- سکاڵاکان لەبەردەم دەسەڵاتی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان (ئەنجومەنی کۆمسیاران) و تانەدان لەبەردەم ئەو دەستە دادوەرییدا یەکلایی دەکرێنەوە کە بەپێی یاسای کۆمسیۆن ژمارە (31)ی ساڵی 2019 ی هەموارکراو کە پێکهێنراوە لەبری دەستەی دادوەری لە دادگای تەمیز لە هەرێمی کوردستان. ئەمەش لە سیستەمی سکاڵا و تانەدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢٤ جێگیرکراوە.
دوای ئەوەی بڕیاریدا بە نادەستووری بوونی بڕگەی چوارەمی ماددەی شەش دوبارەبوەوە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ژمارە 1992 هەموارکراو.
ئەم دەستەیە لە سێ دادوەری تایبەتمەند پێکهاتووە بۆ پێداچونەوە بەو تانانەی کە پێشکەشیان کراوە لەلایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانەوە یان ئەو کەس و لایەنانەی کە زیانمەند بوون یان کاریگەرییان لەسەر هەبووە بەهۆی بڕیارەکانی کۆمسیۆنەوە، و بڕیارەکانی پلەی کۆتاییان هەیە (مادەی شەشەم دوبارەبوەوە/چوار).
دوابەدوای پێشنیازی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، بەپێی نوسراوی ژمارە (246/2/1) لە بەرواری 2024/3/13، و بە پشتبەستن بە بڕگەکانی مادەی (19/یەکەم) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە (31)ی ساڵی 2019 و مادەی (3/نۆیەم) لە یاسای ئەنجومەنی باڵای دادوەری ژمارە (45)ی ساڵی 2017 بڕیار دەدات بە "پێکهێنانەوەی دەستەی دادوەری بۆ هەڵبژاردن، کە تایبتمەندە بە پێداچونەوەی ئەو تانانەی کە لەلایەن دەستەی کۆمسیارانەوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە بەهۆی بڕیارەکانی ئەنجومەنەوە زیانیان پێگەیشتووە ئاراستە دەکرێن" ڕاستەوخۆ لە دەسەڵاتی دادوەرییەوە کە ناویان لە خوارەوە هاتووە لەگەڵ کارەکانیان:
- حسن فوئاد مونێم / جێگری سەرۆکی دادگای فیدراڵی - سەرۆک.
- جەلیل عەدنان خەلەف/ دادوەری سەرپەرشتیار لە سەرۆکایەتی دەستەی چاودێریی دادوەری - ئەندامی ڕەسەن.
- ڕەمەزان حەسەن عوبەید / جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێمی دۆحوک - ئەندامی ڕەسەن.
- ئەحمەد عەلی خەلەف / دادوەری دادگای فیدراڵی بۆ کاساس - ئەندامی جێگرەوە.
- کامەران حەسەن فەرەج / جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی قەزای سلێمانی - ئەندامی یەدەگ.

4- هەڵبژاردن لەسەر بنەمای چوار بازنەی هەڵبژاردن دەبێت
دوای بڕیاردان لەسەر نادەستووری بوونی مادەی (نۆ) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 1ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، و دەقی پێشوو کە بەپێی مادەی (چوارەم)ی هەمواری سێیەمی ژمارە 47ی ساڵی 2004 هەڵوەشاوەتەوە، دادگا دەقی هەڵوەشێنراوی پێشووی زیندوو کردەوە و بڕیاریدا دووبارە بە شێوەی کۆن جێبەجێی بکرێت کە پێش هەموارکردنەکە کە بەم شێوەی خوارەوە بوو:
(کوردستانی عێراق دابەشکراوە بەسەر بازنەی هەڵبژاردن دا، بەمەرجێک لە چوار بازنە کەمتر نەبێت).
5- دابینکردنی کارتی دەنگدەر بەتەنها لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باری شارستانییەوە ئەنجام دەدرێت، بە دوبارە بەرکارکردنەوەی ماددەی 17ی هەڵوەشێنراوی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 1992ی هەموارکراو.

دوای ئەوەی بڕیاری نادەستووری بوونی (مادەی سێ)ی یاسای ژمارە 15ی ساڵی 2012ی یاسای هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 1ی ساڵی 1992ی هەموارکراو وە گەڕاندنەوەی دەقی کۆن (مادەی حەڤدە)، کە تێیدا هاتووە:
(بەڕێوەبەرایەتی باری شارستانی دەبێت کارتی دەنگدان بۆ هەر هاوڵاتییەک دابین بکات کە تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردووە بە شێوەیەك کە وەسف و شێوەکەی لە بەیاننامەی دەستەی باڵادا دیاریکراوە، بە مەرجێک دەنگدەر بەڵگەی ناسنامەی خۆی لە کاتی دەنگداندا پێشکەش بکات).

6- هەموارکردنەوەی ماددەی (بیست و دووەم/١) کە بگونجێت لەگەڵ فرەبازنەیی هەڵبژاردن و کاندیدکردنی تاکەکەسی و هێشتنەوەی ڕێژەی ٪٣٠ بۆ ژنان وەک خۆی.
دوای بڕیاردان لەسەر نادەستوورییەتی دەستەواژەی (لە سەرتاسەری کوردستانی عێراقدا) وە دەستەواژەی (بە مەرجێک ژمارەی کاندیدەکان لە هەر لیستێکی هەڵبژاردندا لە سێ کەمتر نەبێت) کە لە ماددەی (بیست و دووەم/ ١) ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 1 ی 1992 ی هەموارکراو هاتوون.

7- هەڵوەشاندنەوەی سیستمی کۆتای نوێنەرایەتی بکەمینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
دوای بڕیاردان بە نادەستووری بوونی مادەی (36) ی دوبارەبۆوە و بڕگەی 1.2ی مادەی 36ی ڕەسەن ، کە میکانیزمی دابەشکردنی دەنگەکان و ئەو دەنگانەی کە ماونەتەوە لە کۆی دەنگەکانی بۆ کەمینەکان یەکلایی کراوەتەوە.

## تێبینیەکان لەسەر چوارچێوەی یاسایی

1- بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەسەڵاتی یاسایی بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەخشی بە پێدانی دەسەڵاتی دابەشکردنی کوردستان بەسەر ژمارەیەک بازنەی هەڵبژاردن کە لە چوار بازنە کەمتر نەبێت، بۆیە ژمارەی ناوچەکانی هەڵبژاردن، ژمارەی کورسیی تەرخانکراو بۆ هەر بازنەیەك، و سنووری جوگرافییەکانی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆمیسیۆندایە.
2- لە دەرکردنی ڕێسا و ڕێنمایی بۆ دیاریکردنی میکانیزمی دەنگدان و مەرجی دەنگدەران و پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوە، کۆمسیۆن پشتی بە مادەی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 1ی ساڵی 1992 بەست، کە بە بڕیاری دادگای فیدراڵی ژمارە 1992 ی هەموارکراو ژمارە 83، کە کۆمسیۆن دەسەڵاتی ئەوەی پێدراوە کە ڕێسا و ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەربکات. لەمەشدا کۆمسیۆن پشتی بە بڕگەکانی یاسای هەمواری سێیەمی یاسای هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگا ژمارە 4ی ساڵی 2023 بەستووە،

بەتایبەتی لە وردەکارییەکانی پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوە بەپێی مادەی 10ی یاسای هەمواری سێیەم، کە چاودێران تێبینی زۆریان لەبارەیەوە هەبوو.

3- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پشت بە دەسەڵاتی دادوەری خۆی دەبەستێت کە لە بڕگەی حەوتەمی ماددەی 10ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە 31ی ساڵی 2019دا هاتووە، کە دەسەڵاتی پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان دەداتە دەستەی کۆمسیاران، چونکە هیچ دەزگایەکی دادوەری تایبەتمەند نییە بۆ پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەروەک چۆن بۆ پەسەندکردنی هەڵبژاردنی ڕێکنەخراوی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێم دا دوای پێداچوونەوە بەسەر هەموو تانەکان .

4- نادادپەروەری لە دیاریکردنی ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکان بۆ پارێزگای هەڵەبجە، بەو پێیەی دەکرا سنووری بازنەکە و ژمارەی کورسییەکان کە(5) کورسین بە پشتبەستن بەو دابەشبوونە دیاری بکرایە کە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی 2021 ڕوویدا لە ڕووی ژمارەوە لە کورسییەکان و سنووری بازنەکان.

## ڕاسپاردەکان

1. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، دوای هەڵبژاردنی، دەبێت یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق دەربکات کە وەڵامی بنەماکانی دادپەروەری هەڵبژاردن بداتەوە و لەگەڵ دەستووری عێراقدا بگونجێت.
2. سەرژمێری دانیشتووان لەڕووی جەوهەر و ناوەڕۆکەوە وەک ئەولەویەت دەمێنێتەوە، بەو پێیەی ئەو داتایانە دابین دەکات کە پێویستن بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.
3. کێشانی سنوری بازنەی هە ڵبژاردنە کان لە ڕێگە ی دروست کردنی دە ستە یە کی تایبەت یان لیژنە یە کی تایبە ت بەم ئەرکە ، و بۆ ئە وە ی کۆمسیۆن بە هاوکاری دە سە ڵاتدارانی هە رێم کار بکات بۆ کێشانی سنوری بازنەی هە ڵبژاردنی هە ڵە بجە .
4. چەسپاندنی پرەنسیپی بێلایەنی حکومەت بۆ دەستەبەرکردنی بێگەردی و شەفافیەتی پرۆسەی هەڵبژاردن.
5. بێلایەن بوونی کۆمسیۆن و دوورکەوتنەوە لە ناکۆکییە حیزبی و نەتەوەییەکان بۆ پاراستنی شەفافیەت و سەربەخۆیی خۆی بەمەبەستی ئامادەکردن و جێبەجێکردنی هەڵبژاردنێکی پیشەیی و بێلایەنانە و دادپەروەرانە کە نەشێوێنرێت بە گومان و ڕەخنەکان.

6. تەواوکردنی چوارچێوەی یاسایی بۆ هەڵبژاردنەکان لەلایەن کۆمسیۆنەوە، هەروەها دەرکردنی سیستەم و ڕێنمایی بۆ دابەشکردنی کورسیەکان.

کۆتایی...